# ئاسەواری
# گوڵەهەڵوەرییەوەکانی جیابونەوە



**نەجات روستی**
najatrosty@yahoo.com

**جیابونەوە تەنها ئەوەنییە کە ئیتر دووکەس یەکتریان قبوڵ نییەو دوابریاریان داوە کەهەریەکەیان ژیانی خۆیان دوور لەیەکتر بەسەر بەرن ،بەڵکو مەینەتیەکە لێرەوە دەست پێ دەکات.**

**هەموو جارێ بەیادگارییەکانەوە ناخ گڕ دەگرێ و زۆر جار ئەستەمە بە ئاسانی کپ بێتەوە بە تایبەتی ئەو کەسانەی کەمناڵ لە نێوانیاندا هەیە، کەسەکان هەریەکەیان بەژیانی ئاسایی خۆیانەوە رێ دەکەن و سەرگەردانیەکە بۆ مناڵەکانیان دەمێنێتەوە... زۆرجار هیچ یەکێك لەژن و پیاوەکان ئامادەنین مناڵەکان بگرنە خۆیان، بۆیە مناڵەکان پەرتەوازە دەبن و ژیانیان لێ تاڵ دەبێت و لەنازی دایك و باوکیان بێ بەش دەبن،ئەوانەی کەلەنێو خێزان و دوور لەئامێزو سۆزی دایەو بابە پەروەردە ناکرێن، لەدواجاردا هەمیشە مرۆڤێکی ناتەواویان لێ دەردەچێ،چونکە قۆناغەکانی ژیانیان وەك هەر بوونەوەرێکی ئەم دونیایە بەئاسایی نەبڕیوەو خۆشییان لە رۆژەکانی تەمەنیان نەبینیوە، لە هەمان کاتدا کەسانێکی بێبەزیان لێ دروست دەبێ... هۆیەکەشی بۆ دڵ رەقی ئەو دایك و باوکانەیان دەگەڕێتەوە کەلەبەرامبەریان نواندوویانە،بۆیە ئەوانیش رەنگە بێبەزەیی بن بەرامبەر کۆمەڵ و کەسانی دەوروبەریان...ئەو مناڵانەی کەسەرگەردان دەبن زۆرجار خزم و کەس و کاریان دەیان گرنە خۆیان،بەڵام زۆریشیان کەس وکاری نزیکیان نییە، بۆیە پەنا دەبەنە بەر حکومەت و لە خانەی نەوجەوانان یان هەر ناوەندێکی تر کەدەیان گرنە خۆ کۆدەبنەوە .**

**ئەو بێسەرپەرشتیارانەی کە توشی سەرگەردانی دێن زۆربەیان تەمەنیان لە 8-16 ساڵیە، هەمیشە کەئەیان دوێنی رقێکی قووڵ بەرامبەر بەدایك و باوکیان لە ناخ دایە، بۆیە هیچ سۆزێکیان بەرامبەریان نییە،ئەم هەستەش لەوکاتەوە هەستم پێ کرد کە هەندێ لەو هەرزەکارانەم دواندو چیرۆکی هەریەکێکیان بە جۆرێك بووە، چیرۆکی ژیانیان پڕبووە لە رق و قینەو بێبەزەیی و هەندێکیشیان ناخیان پڕبوو لە سۆزو خۆشەویستی، بەڵام وایان هەست دەکرد کە رۆژگار غەدری لێ کردوون تووشی ئەو ژیانە پڕ لە مەینەتیە بوون کە هەموویان دەیان خواست لەو ژیانە رزگاریان بێت.**

– ئاری یووسف:من تەمەنم 8 ساڵان بووە دایك و باوکم لە یەکتری جیابوونەتەوە و گەورەترین کێشەو ناخۆشترین ژیانیان بۆمن جێهێشت و من ئێستا لە ماڵی داپیرەم دەژیم، بەڵام هەرگیز بەو ژیانە رازی نیم چونکە خۆم واهەست دەکەم کە بارگرانیم لەوماڵەو رەزام زۆر قورسە بۆیە کەبەرۆژ لە ماڵەوە دەردەچم ناگەرێمەوە ئەگەر بۆ خەوتن ئەویش لەبەرئەوەی کە جێگام نی یە ئەگەرنا هەرنەدەگەرامەوە ئەوان هیچ خەرجیەکم ناکێشن ناهەقیشیان نی یە چونکە بەراستی من سودم بۆ ئەوان نەبووە لە ئەزیەت کێشان نەبێ، هەر چەند داپیرەم منی خۆش ئەوێ بەڵام ئەوانی تر وانین واهەست دەکەم کە زۆر رقیان لێمە.

هۆکاری ژیانیشم باوکمە ئەو ئێستا ژنێکی تری هێناوە باوەژنەکەم رازی نیە لەگەڵ ئەوان بژیم و لەباوکیشم ناگەرێ یارمەتیم بدات و خەرجی رۆژانەم بکێشی و پێداویستیەکانم بۆ دابین بکات. هەرچەندە جار جارە بەدزیەوە پارەم ئەداتێ بەڵام زۆر بەکەمی و ئەو برە پارەیەش زۆر کەمە، بەڵام لەترسی ژنەکەی ناوێرێ دایکیشم هەرنازانم لەکوێ یە باوکیشم رازی نیە بچم بۆلای تەنانەت بەدزیش ناوێرم بچم بۆلایی ئای کەدونیایەکی پرە لەخەم و ژانە ئێوە نازانن ژیانی من چەند ناخۆشە، بەڵام چی بکەم ئەمە ژیانی منەو دیارە لەشانسم وانوسراوە خوایە کەی لەم ژیانە رزگارم ئەبێ منیش وەك کەسێکی ئاسایی ژیان بگوزەرێنم .

ئاشنا ئەبوبکر:من زۆر منالْ بووم کە دایك و باوکم لە یەکتری جیابونەتەوە بیرم نایەت بەڵام پورم دەڵێ تەمەنت یەك ساڵان بوو ئێستا من تەمەنم سیانزە ساڵە. لەلای پورم ئەژیم باوکم لە خارجە و دایکیشم لە بەغدایە شوی بە پیاوێکی عەرەب کردوە زیاتر لە شەش ساڵە نەم دیووە باوکیشم تەنها لەرەسم دیومە، هەرچەندە پورم زۆر باشە لەگەڵم وەك کچەکانی خۆی سەیرم دەکات، بەڵام بەخوا زۆر ناخۆشە ژیان لەلام چونکە ئێستا هەست دەکەم ئەگەر لەباوەشی دایك و باوکم بومایە ژیانی من جۆرێکی تر دەبوو ئێستا منیش حەزدەکەم دایکم بەیانیان قژی بۆ شانەبکردمایەو باوکم دەستی بگرتمایەو لەگەڵ خۆی بیبردبام بۆ مەکتەب ئەگەر بەدیداریان شاد بمەوە زۆر ئاسودەم ئەزانی کەمناڵێك ئەبینم لەگەڵ باوکی یان دایکی چەند خەفەتی پێوە دەخۆم منیش حەزدەکەم هەمیشە لەدایك و باوکم نزیك بومایەوە ماڵی خۆمان هەبوایەو بەیەکەوە بەخۆشی ژیانمان بردبایە سەر ئێستا من لە خوێندنگا دەخوێنم هەرچەندە هەموو نمرەکانم زۆر بەرزن و مامۆستایەکان زۆر خۆشیان ئەوێم هەمووساڵێ بەیەکەم دەرچوومە، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەگەر لەلای دایك و باوکم بومایە ئەوا زیاتر خۆم هیلاك دەکردوو هەندێ لەو کێشانەی کە هەمە نەدەبوون. رۆژێکیان مامۆستایەکەمان پێ ی ووتم بە باوکت بڵێ سەردانمان بکات منیش پێم ووت کەباوکم لەخارجیە، پاشان ووتی با دایکت بێ لەبەردەم خوێندکارەکان لەرووم نەهات بڵێم شوی کردۆتەوە ووتم نازانم لەکوێ یە...گەرامەوە بۆ ماڵی پورم زۆرگریام ئەوشەوە تابەیانی خەونەهاتە چاوەکانم و رۆژی دوایش نەم توانی برۆمەوە بۆ خوێندنگا زۆر زۆر خەفەتم پێوە خوارد رۆژی دوایی چومەوە بۆ قوتابخانە دیسان مامۆستاکەمان پێ ی ووتمەوە ناچار بووم دوایی چووم بۆ ئیدارە بەمامۆستاکەم ووت کەژیانی من ئەوەهایە.

– نیان ئەحمەد قادر: ئەمن دایك و بابم هەریەكەیان بۆ خۆیان بەتەنیا دەژین بابم چۆتەوە بۆ لادێ و دایكیشم لە ماڵی خاڵمە ئێستا منیش لە لای دایكمم لە ماڵی خاڵم...بابم زۆر خەراب بوو لەگەڵ دایكم بەردەوام شەری لەگەڵ دەكردو لێ ئەدا هیچ پارەی نەئەدا بەدایكم و تەنها جلی بۆ خۆی دەكڕی و نەبۆمن و نە بۆدایكم نەدەكڕی، لەبەرئەوە دایكم لێ جیابۆوە...من باوكم خۆش ئەوێ بەلاّم ئەو ئێمەی خۆش ناوێ سەردانمان ناكات حەزناكات بیبینم ئاخر باوكە گیان بۆ نایەی بۆلام بەخوای زۆر بیرت دەكەم ئێستا لەبیرمە كە ئێواران دەهاتەوە پێم دەووت بۆ شتم بۆ ناكڕی هەمورۆژی ئەی ووت بەیانی بۆت دەكرم كەچی هەربۆی نەدەكڕیم دایكم زۆر گوناهە هەمووجاری ئەگری لەماڵی خاڵم بێزار بووە حەزدەكات بەیەكەوە خانویەك بگرین و ماڵی خۆمانی تیادانێی، بەلاّم هیچ كارێك نی یە و ناتوانێ كرێ ی خانوو پەیدابكات...خاڵیشم ناهێڵێ دەڵێ خەڵكی چیمان پێ دەڵێن ماڵی خاڵم هەموویان لەگەڵم باش نین خاڵۆژنم زۆر حەزی بەدایكم نی یە منیش هەست بەناخۆشی دەكەم، شەرم دەكەم بەخاڵم بڵێم جلم بۆ بكڕێ زۆر جار خاڵۆژنم جل بۆ منالەكانی خۆی ئەكڕێ بەلاّم بۆمن ناكڕێ باوكم ئێستا بەتەنیا لەلادێ یە حەزدەكەم دایك و باوكم بگەڕێنەوە لای یەكتری بەلاّم دایك و باوكم رازی نین ئای خوایە هەموو دەردە سەریەكە بۆمنە بێزارم لەخۆم حەزدەكەم بڕۆم بڕۆم...بۆ هەرجێگایەك بێت تەنها لەدەست ئەم ژیانە رزگارم بێ ئاخر دایە ...باوكە بەزەییتان بەمن دابێ.

– سەردار لەتیف محمد:ماوەیەكی زۆرنی یە دایك و باوكم لە یەكتری جیابونەتەوە، باش لەبیرمە، نازانم خەتای كێیان بوو هەردووكیان یەكتری تاوانبار دەكەن، هەركەسێكیان تاوان بار بێت، ئەوا من زۆر زەرەرم كرد ژیانم لێ تاڵ بوو هەرچەند ئەوان لە ماڵەوە تەبا نەبوون،بەلاّم ژیانی من لە ئێستا باشتر بوو لەوەتەی لەیەكتری جیابونەتەوە نزیكەی سێ ساڵە من یەك جار دایكم بینیوە، باوكیشم چەند جارێك دیووە بەلاّم چی بكەم لەو هەموو دووریە من ئێستا لە ماڵێك ئەژیم كە هەموشتێكی ناخۆشە بەردەوام هەست بەناموو‌بوونی خۆم دەكەم ماڵی باپیرم تەنها بە سەردان ئەچم نەوەك لێ بمێنمەوە لەگەلیان بژیم، چونكە ئەوانیش هەست دەكەم لە من بێزارت،چونكە كەسێك نی یە بژێوی  ژیانیان بۆ دابین بكات باپیرم پیرە ناتوانێ هیچ كارێك بكات پورم فەرمانبەرە موچەكەی زۆركەمە بەشی كرێ ی خانوو ناكات بەخوا منیش بەیانیان زوو لەماڵ دێە دەرەوە، هەركارێك هەبێت دەی كەم بۆ ئەوەی كە ئێواران رۆشتمەوە بە رووێكی خۆش پێشوازیم لێ بكەن تاوەكو رەزام قورس نەبێ،بەلاّم چی بكەم ئەو پارەی رۆژانە پەیدای دەكەم وەك پێویست نی یە چونكە مەسروفات زۆر گرانە خوێندنەكەشم لەدەست چوو لەسەر جیابوونەوەی دایك و باوكم ژیانم زۆر ناخۆشە نازانم ئەوان بۆ وایان كرد بۆ تەنها خەمی خۆیان بوو بیریان لەمن نەدەكردەوە بۆچی ژیانی منیان ئەوها شێواند هیوادارم هیچ دایك و باوكێك لەیەكتری جیانەبنەوەو سەرەڕای ئەوەی كەژیانی خۆم ناخۆشە ئێستا خەمی ژیانی باپیرم و ماڵەوەشمان هاتە سەر...باوكم زۆر دڵ رەق بوو بەرامبەر دایكم دایە گیان زۆر بیرت دەكەم تووخوا وەرە وەلاّم باچیتر ئەوها بێ نازنەبم و باوەكو منالی خەڵك بەئاسودەیی بژیم.

– لاڤین سەنگەر رۆستم:من لە ئەڵمانیا لەدایك بووم ماوەی چوار ساڵە من گەڕاومەتەوە بۆ کوردستان ئێستا تەمەنم وابزانم یانزە ساڵە لە دەرەوە باوك و دایکم لەیەکتری جیابوونەتەوە لەبەرئەوەی باوکم زۆر دڵی پیس بوو هەر چەند دایکم وانەبوو، بەڵام باوکم ئەی ووت نابێ دایکم کاربکات لەماڵ بێتە دەرەوە، بۆیە کێشە کەوتە نێوانیان لە یەکتری جیابوونەوە دوای دووساڵ کە دایك و باوکم جیابونەوە ماڵی باپیرم داوایان لە دایکم کرد بگەڕێتەوە سلێمانی...ئێمەش هاتینەوە،بەڵام تەنها یەك ساڵ دایکم لێرە بوو جارێکی تر شوی کردەوە بەپیاوێك لە سوید منی جێ هێشت لەلای داپیرم ماوەی شەش مانگ لەلای داپیرەم بووم دوای ئەویش کۆچی دوایی کرد...خاڵم منی هێنا بۆ خانەی نەوجەوانان کە حکومەت هاوکاریمان دەکات لێرە ژیان بەسەر دەبەین هەموو جارێکیش دایکم تەلەفۆنم بۆ دەکات و پارەم بۆدەنێرێ،بەڵام تائێستا باوکم نەدیووە بیری ناکەم چونکە بەرامبەر بە ئێمە زۆر خەراپ بوو ئێستا بم بینێ نام ناسێتەوە چونکە ئەوکاتە من زۆر بچوك بووم حەزدەکەم دایکم بێتەوە چاوم پێ ی بکەوێ دایکم زۆر خۆش دەوێ بەڵام باوکم خۆش ناوێ دایکم ئەڵێ کە هاتمەوە لەگەڵ خۆمت دەبەم بەڵام نازانم کەی دێتەوە خۆزگە زوو ئەهاتەوە...من لێرە ئەچم بۆ مەکتەب مامۆستایەکانم خۆش ئەوێ ئەوانیش منیان خۆش ئەوێ بەڵام نازانم باوکم بۆچی منی خۆش ناوێ.

قسەی ئەو خونجە گوڵانەی کە گوێمان لێ بوو، خەفەتێکی زۆری خستە دڵم دڵنیام ئەوەی ئەم بابەتە بخوێنێتەوە وەك من خەفەت دای دەگرێ،ئەمانە بەشێکی کەم بوون لەو مناڵە هەرزەکارانەی کە لەم ژیانە دەژین زۆری ترم بینی ئەوانیش هەریەکەیان ژیانی تایبەتیان پڕبوو لە ناخۆشی و نائومێدی هەندێکیان کەلێم پرسین دایك و باوکتان لە کوێن دەستیان کرد بە گریان فرمێسك لە چاوەکانیان بەگوڕ دەهاتنەخوار...هەندێکیان خۆیان بۆ نەگیرا بەدەنگێکی بەرزەوە دەستیان کرد بەگریان...من هەرزوو ئەو شوێنەم جێ هێشت و لەگەڵ سەرپەرشتیارەکەیان دووانیانم دواند، ئەو هەموو خەمە لەتەمەنی ئەواندا زۆر گەورەیە ئەوان تاوانیان نی یە کە هاتونەتە دنیاوە دایك و باوکیان بۆ چەند ساتێك بۆ خۆشی خۆیان ئەوانیان دروست کرد...کە بۆخۆشی خۆتان ئەو خونچانەتان دروست کرد،ئەی بۆچی سەرگەردانتان کردن.

ئەمە پرسیارێکە وەڵامەکەی کەسیان ناتوانن بیدەنەوە،چونکە خۆیان ئەزانن چ تاوانێکیان کردووە ئەو چرۆ چاوگەشەنەیان لە ئامێزی نازی خۆیان بێ بەش کرد.

ئومێدەوارم حکومەتی هەرێم وەزارەتی کاروکۆمەڵایەتی زیاتر گرنگی بەم هەرزەکارانە بدات و ژیانێکی خۆشتریان بۆ دابین بکەن، بۆئەوەی هەست بە نامۆ بوون نەکەن و تۆوی خۆشەویستی لە ناخیان بڕوێ و دووربن لەرق و کینەو وایان رابهێنن کە حکومەت خەمخۆری هەموویانە.